


ئاری ڕەفیق
Ari_rafik@yahoo.com

# سەفەرنامە

ئێستا لە کوێی ..؟
ئەی ..
نیشتیمانی دڵەکەم ،
تروسکەی چاوە سوورەکانم
هەناسە
شێتە دوورەکەم .
***
سەد ئەوەندەش
لە من دووربی ..
هێندەم دەستی تۆ گوشیوە
بۆنی ئارەقەی یەک بەیەکی
نێوان ..پەنجە نەرمەکانت
لە دەستمدا
وەک خۆی ماوە ،
هەتا ئەمڕۆش ..
تامی
ئەو لێوە تەڕانەت
بەسەر
لێومەوە جێماوە .

ئێستا لە کوێی ..؟
ئەی ..
نیشتیمانی دڵەکەم
دە وەرەوە ..
تا نەمردووم
شوشەی دڵە شکاوەکەم
بە پەنجەی خۆت
کۆکەرەوە ،
دە وەرەوە ..
تا نەمردووم
باڵەکانی میهرەبانیت
بە یەکجاری
بکەرەوە .

**بەهاری ( 2006 )**